## (( بەیـان ))

### دەربـارەی هەڵەیـەکی چاپەمـەنی کـە کەوتووەتـە ناو یاسـای ژمـارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسـای دیـوانی ریقابـەی دارایی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق

پـشت بـە حـوکمی مـاددەی هەشـتەم لـە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٩ی بڵاوکردنەوە لە جەریدەی رەسمیدا ( وەقایعی کوردستان ) ، لە بەرئەوەش کە هەڵەیـەکی چاپ لـە دەقی مـاددەی شەشـەمی یاسای ژمارە (١٤)ی دیوانی ریقابـەی دارایـی سـاڵی (٢٠٠٠)ی هـەرێمی کوردسـتانی عێراقـدا رووی داوەو ، لـە کـاتی چـاپکردندا بڕگـەی (سێیەم و چوارەم )ی ئەو ماددەیە بەر چاپ نەکەوتووەو لە دەرهێنـانی مەتنی ماددەکەدا بە دیـار نەکـەوتووە ، لەبـەر ئـەوە ، پێویـستە ئـەو هەڵەیـە ، لەبـەر رۆشـنایی ئـەوەی کـە ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە پێـی مـەحزەری دانیشتنی ژمـارە (٢٠)ی رۆژی (٦/١٢/٢٠٠٠)ی خـۆی ئیقـراری کـردووە ، لەبـەر ئـەوە مـاددەی شەشـەمی یاسـای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ ( یاسای دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم** : دیوان لەمانە پێك دێت :

یەکەم :

١.سەرۆکی دیوان : دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن .
٢.نوێنەری سەرۆك : دەبێتە نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەن .
٣.بەرێوەبەرە گشتییەکان : دەبنە ئەندامانی ئەنجومەن .

دووەم : بەرێوەبـەرێتی گـشتیی کاروبـاری ئیـداریو یاسـایی و هونـەریی دیـوان ، بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا ، ئەرکەکانی ئەمانەن :

١.ئامادەکردن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی ئیداریو دارایی‌و یاسایی بۆ پێکهاتەکانی دیوان .

٢.ئەو ئەرکە هونـەریو پیشەییانەی کە بـۆ ئیش و کـاری ریقابـە پێویستن ، هـەروەها لێکۆڵینـەوەی شـێوەو شـێوازی بـەرەو چـاکتر بردنـی ئیـشوکاری ریقـابیو ، زیـاتر چوسـت و جـۆکردن و بەرزکردنـەوەی پلـەی ئـەداکردنی ئیشوکار بە شێوەیەکی هـاو کۆمەکی‌و هاوتـەگبیر لـە گـەڵ بەرێوەبەرییەکانی دیکەی دیواندا ، لەم بەرێوەبەرییانەی خوارەوەش پێك دێت :

أ- بەرێوەبەرێتی کاروباری ئیداریو یاسایی .
ب- بەرێوەبەرێتی ریقابەو کاروباری هونەری .

سـێیەم : دایـەرەکانی تـەدقیقکردن : هـەر دایـەرەو بەرێوەبـەرێکی گـشتی یـان ژمێریـارێکی یاسایی یەکەم سەرۆکایەتیی دەکاو ، ژمارەییٚ لە کەرتە بزاڤی ( الٔنشگە القگاعیە ) تایبەت بە خۆی کە ئەنجومەن بە پێی پێداویستی ئیشوکاری ریقابی ئیقراری دەکا هەڵدەسوورێنیٚ ، کە بریتین لەم دایەرانە :

أ- دایەرەی بزاڤی پیشەسازی و کشتوکاڵی .

ب- دایەرەی بزاڤەکانی خزمەتگوزاریی گشتی‌و ئاوەدانکردنەوە.

ج- دایەرەی بزاڤەکانی پارەدارکردن ( التمویل ) و دابەش کردن و شیرکەتەکان .

**چوارەم : نووسینگەی سەرۆکی دیوان : فرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا .**

1. **ئەنجومەن لەمانە پێك دێت : سەرۆکی دیوان دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن و نوێنەری سەرۆك دەبێتە نوێنەری سەرۆکی ئەنجومەن و ، بەرێوەبەرە گشتییەکان دەبنە ئەندامانی ئەنجومەن .**
2. **ئەنجومەن لە کەمی مانگی جارێك لەسەر داواکاریی سەرۆك کۆدەبێتەوەو ، (نیصاب)یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دێتەجێو ، بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێو ، کاتێکیش دەنگەکان هاوتا بن ، ئەوە ، لەو بارەدا دەنگی سەرۆك بۆ کام تایان بێ ، هی ئەوە .**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com